# حوكمی مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي )

# لەگرێ بەستەكانی بەڵێندەراندا

[ كردي – كوردی – kurdish ]

**لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی و فەتوا و بانگەواز و ڕێنمایی**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم الشرط الجزائي في عقود المقاولات

« باللغة الكردية »

اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء والدعوة والإرشاد

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي )
# لەگرێ بەستەكانی بەڵێندەراندا

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی لیژنەی هەمیشەیی بۆ لێكۆڵێنەوەی زانستی و فەتوادان كراوە :

**پرسیار :** من كەسێكم لە بواری عەقارات ( زەوی و خانوو بەرە )دا كار دەكەم و سەرمایەی خۆم و چەند كەسێكیشم خستوەتە گەڕەوە، زۆر جاریش كارەكانم لەگەڵ بەڵێندەرەكاندایە، بەتایبەتی بۆ دروستكردنی باڵەخانە ویەكەكانی نیشتەجێ بوون، بەو پێیەی كە لە قانوندا بڕگەیەك هەیە پێی دەوترێت( الشرط الجزائي ) چۆنیەتیەكەیش بەم شێوەیە، من كاتێك گرێ بەستێك لەگەڵ بەڵێندەرێكدا دەبەستم بۆ دروستكردنی چەند یەكەیەكی نیشتەجێ بوون كە بە ماوەی ساڵێك بۆم تەواو بكات، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیەدا دروست نەكرد و دواكەوت لەماوەكەی خۆی، من بۆ هەر ڕۆژێك دواكەوتن بڕی (١٠٠٠) هەزار دۆلاری لێ بسێنم، ئایا ئەم بڕە پارەیەی كە لێی دەسێنم دروستە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

دیارە ئەوەی کە باست کردووە، کە پێی دەوترێت ( الشرط الجزائي ) مەرجی پاداشتدانەوە، یەکێکە لەو گرێ بەست و مەرجانەی کە لە فیقهی ئیسلامیدا زانایان بە تایبەتی باسیان لێوە نەکردووە، بەڵام جمهوری زانایان قاعیدەیەکیان داناوە لەم بارەیەوە و ووتویانە ( الأصل فی العقود الإباحة ) واتا : ئەصل لە گرێ بەستەکاندا ئەوەیە کارێکی دروست و ڕێگا پێدراوە، مەگەر بەڵگەیەکی تایبەتی لە قورئان یان لە سوونەت ئەو گرێ بەستە بە دروست نەزانێت، لەم ڕوانگەشەوە، مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي ) کارێکی دروستە، مادام بەڵگەیەك نییە بە حەرامی بزانێت، لەم ڕووەشەوە کۆڕبەندی فیقهی ئیسلامی گرێدراو لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی لە خولی (١٢) کە لە بەرواری ٧/ذي الحجة /١٤١٢کۆچی لە ریاضی پایتەختی عەرەبستانی سعودیە بەسترا چەند بڕیارێکی دەرکرد، یەکێك لەو بڕیارانە ئەم بڕیارە بوو : « يجوز أن يتضمن عقد الاستصناع شرطاً جزائياً بمقتضى ما اتفق عليه العاقدان ما لم تكن هناك ظروف قاهرة » واتا : دروستە گرێ بەستی دروستکردن مەرجی جەزای تێدا بێت، بەو پێیەی کە هەردوو لایەنی گرێ بەستەکە لەسەر ڕێك دەکەون،

مەگەر کاتێك نەبێت بارودوخێکی وا بێتە پێش کە لەدەستی هیچ لایەنێکیاندا نەبێت .

کەواتە ئەگەر هاتوو جەنابت گرێ بەستت لەگەڵ بەڵێندەرێکدا کرد بۆ دروست کردنی باڵەخانەیەك کە بۆ ماوەی ساڵێك بۆت تەواو بکات، ئەگەر هاتوو لەو ماوەیە دواکەوت ئەوا بۆ هەر ڕۆژێك ( ١٠٠٠) هەزار دۆلاری لێ بسێنیت .

لەوەڵامدا دەڵێین :

یەکەم : ئەگەر بێتو گرێ بەستەکان لەم سەردەمەی خۆماندا مەرجێکی وەك مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي ) تێدا نەبێت، ئەوا کارەکانی حکومەت و هاولاتیانیش هەموویان پەکیان دەکەوێت، چونکە دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی نواندن لە جێ بەجێکردنی کارەکان و بە ئەنجام گەیاندنیان لەکاتی خۆیدا لەلایەن بەڵێندەرەکانەوە، بۆیە لە پێناو بەرژوەندی گشتی وبەڕێکردنی کارەکان لەکاتی دیاری کراوی خۆیاندا، دانانی مەرجێکی لەم شێوەیە هیچ پێچەوانە نییە لەگەڵ دەقەکانی شەریعەتدا.

دووەم : چونکە ئەگەر بێتو ئەو بەڵێندەرە لەکاتی خۆیدا کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، خاوەن کارەکە پڕۆژە بەرهەمهێنانەکانی دەخاتە گەڕ و لەکاتی خۆیدا سوود و

قازانجەکانی دەست دەکەوێت، بەرژەوەندیەکانی خەڵکیش ناکەونە مەترسیەوە .

سێهەم : دەبێت بزانین ئەو بڕە پارەیەشی کە دیاری کراوە وەك مەرجی پاداشتدانەوە ( الشرط الجزائي ) دەبێت موناسب بێت لەگەڵ ئەو زیانەی کە بە خاوەن پڕۆژەکە دەکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەو باڵەخانەی کە جەنابت باسی دەکەیت پێك هات بوو لە ( ٢٠ ) بیست یەکەی نیشتەجێ بوون،یان (٢٠ ) یەکە لە شوقەی هۆتیلی، ئەگەر لەکاتی خۆیدا تەواو بێت بە پێی تەقدیری پسپۆڕەکان هەر یەکەیەکی ڕۆژانە بە (٥٠) دۆلار دەدرێت بەکرێ، ئەوا بۆ سەرجەم ئەو بیست یەکەیە ١٠٠٠ هەزار دۆلار دەکات، واتا بڕە پارەکە بڕیکی موناسبە بۆ ئەو زیانەی لێت کەوتووە، بەڵام ئەگەر هاتوو موناسب نەبوو، بۆ نموونە لە بری ١٠٠٠ هەزار دۆلار ٢٠٠٠ دوو هەزار دۆلار بوو، ئەوا هەزار دۆلاریان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرەکە، هەروەك چۆن ئەگەر هاتوو بڕی پارەکەش کەم بوو، لە ( شەرتە جەزاییەکەدا ) دەبێت بەڵێندەرەکە پابەند بکرێت بە پێدانی قەرەبوویەکی موناسب بە جەنابت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو لەبری ( ١٠٠٠ ) هەزار دۆلار ٣٠٠ دۆلار دیاری کرابوو، دەبێت ئەو بەڵێندەرە بە حوکمی شەرع ٧٠٠ دۆلاری تر بدات بە ئێوە، چونکە لە ڕاستیدا ئەو بووە بەهۆی ئەو زیان لێ کەوتنە، لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەم جۆرە لە مەرجی پاداشت دانەوە نەبێت لە گرێ بەستەکانی دروستکردنی خانوو

بەرە و ڕێگا وبانەكاندا دەبێتە هۆی پەك كەوتنی سەرجەم پرۆژەكان و زیان لێ كەوتن لە بەرژوەندیە تایبەتی و گشتیەكانی هاولاتیاندا .

چوارەم : دەبێت هۆی دواكەوتنی پرۆژەكەش كەمتەرخەمی بەڵیندەرەكە بێت لە جێ بەجێ كردندا، نەك بارودۆخێكی وا بێت كە لەدەسەلاتی كەسدا نەبێت، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بەهۆی بەفر وبارانێكی زۆرەوە بو، یان بەهۆی شەڕ وشۆڕی ناوخۆوە بوو، یان بەهۆی بوومە لەرزەیەكەوە بوو، یان هاوشێوەی ئەمانە، ئەگەر وابوو مەرجی پاداشتدانەوەكە نابێت جێ بەجێ بكرێت، چونكە لەدەسەلاتی بەڵێندەرەكەدا نەبووە .

پێنجەم : بەلام دەبێت ئەوە بزانین مەرجی پاداشت دانەوە ( الشرط الجزائي ) لەو گرێ بەستانەی كە لایەنی بەرامبەر پابەند دەكات بە گێڕانەوەی قەرزێك یان بڕیك پارە ، دروست نییە، چونكە دەچێتە چوار چێوەی سوود و ڕیباوە، هەروەك لە بڕیاری تری كۆڕبەندی فیقهی ئیسلامیدا هاتوو دەڵێت : « يجوز أن يشترط الشرط الجزائي في جميع العقود المالية ما عدا العقود التي يكون الالتزام الأصلي فيها دينا فإن هذا من الربا الصريح » واتا : مەرجی پاداشت دانەوە لەسەرجەم گرێ بەستە ماڵیەكاندا دروستە، تەنها ئەو گرێ بەستانە نەبێت كە لة سةرتاوة لایەنی بەرامبەر پابەند دەكات

بە گێڕانەوەی قەرزێك لەکاتی خۆیدا، چونکە ئەمە خۆی لەخۆیدا سوود وڕیبایەکی سەریح و بێ پێچو پەنایە .

خوای گەورەش لەهەمووان زاناترە .